# خۆشەویستی نابیستان
# بە هاوسەرگیری
# کۆتایی دێت



***

**بەهۆی لەدەستدانی دوو هەستی مرۆڤ کە ئەویش قسەکردن و گوێ لێبوونە، وا لە مرۆڤ ناکات کە لە کۆمەڵگە جیا بکرێتەوە، چونکە ئەوانیش خاوەن ئەقڵ و هەست و سۆز و خۆشەویستین، بۆیە پێویستە بەهەموو شێوەیەك گرنگی بەتواناى نابیستان بدرێت.**

***

### هەردوو دەستی دەخاتە سەریەکتر و لەسەر سنگی دادەنێ
### مەرجی بۆ خۆشەویستی ژیانی ئەوەیە نوێژ بکات

شنۆ عەزیز مەولود تەمەن ٢٦ساڵ وەکو هاوکاری مامۆستا لە داینگەی پەیمانگای نابیستانی هەولێر کار دەکات، ئەو کە خۆیشی هەر لە منداڵییەوە قوتابی ئەو پەیمانگایە بووە بەهۆی ئەوەی یەکێك بووە لەو قوتابییە نابیستانەی کە زیرەك و لێهاتوو بووەو توانیویەتی دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی وەکو مامۆستا لەو پەیمانگایە دابمەزرێتەوە بۆ بەشی





داینگەی نابیستان، شنۆ لەبارەی مامەڵەکردنی دەوروبەری و کۆمەڵگە هەر بە جووڵەکانی دەستی بەشێوەیەك کە هەردوو دەستی دەبات و بۆ یەکی دەهێنێتەوەوە هەردوو ناو لەپی بەرامبەر یەکتری کە ناو لەپەکانی روویان دەکەوێتە زەوی و دەستی دەخاتە سەر سنگی و پاشان سەرە پەنجەکانی کۆدەکاتەوە دەیخولێنێتەوە و هەر بەدەست ئاماژە بەیەکێکی تر دەکات، مەبەستی ئەوەیە کە دەڵێت «کۆمەڵگە توانیویەتی رێزمان بگرێت، بەڵام تا ئەو رادەیە نییە کە خۆمان پێویستمانە، بۆ نموونە من ناتوانم بۆ کڕینی پێداویستییەکانم بە تەنیا سەردانی بازاڕ بکەم، دەبێت یەکێکم لەگەڵ بێت». ئەو کچە لە بارەی دەربرینی هەستی خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەی بە جووڵەکانی دەستەوە دەڵێت لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە بە منداڵێکی نابیست بڵێ خۆشمدەوێی بەڕووخساری پێدەکەنێت و هەردوو دەستی بە سنگیەوە دەگرێت وەکو ئەوەی لە باوەشی بگرێت، ئەوە هەستی دەربرینە بۆ منداڵ، بەڵام ئەگەر نابیستێك بە یەکێکی گەورە بڵێ خۆشمدەوێی هەردوو پەنجەی ئەسپێ کوژەو دۆشاو مژە بەیەکەوە نزیك یەکتر دەکرێتەوە هەردوو دەستیش شێوەی

مست دەکرێت و دادەخرێت، ئەوە واتای خوشەویستی دەگەیەنێت، بۆ خۆشەویستی ئەگەر بێتو بە رەگەزی بەرامبەریش بڵێ خۆشمدەوێت، واتە خۆشەویستیەکە مەبەستی دڵداری تێدابێت، ئەوە بە لێکدانی دۆشاو مژە و ئەسپێ کوژە بەیەکەوە دەنووسێت و دەستەکانیش دەکرێتە شێوەی مست.

شنۆ لەبارەی خۆی بۆ دڵداری کردن و خۆشەویستی بەجووڵەکانی دەست دەڵێت «ئەوکەسەی من دەمەوێ دەست بۆ مێشکی و دڵی دەبات، واتە دەبێت عاقڵ و دڵ پاك بێت و پاشان دەستی بۆ ئاسمان دەبات






ڕێباز عەزیز



نازەنین نەشئەت




شنۆ عەزیز مەولود

و ئینجا هەردوو دەستی دەخاتە سەریەکتر و لەسەر سنگی دادەنێت، واتە پێویستە ئەو کەسە خوای خۆش بوێت و نوێژ بکات و دەست بۆ گوێچکەکانی دەبات و دوایی دەستی بەلای ڕاست و چەپ دەجووڵێنێت کە مەبەستی ئەوەیە گرنگ نییە نابیست بێت یاننا».

**مەرجی بۆ هاوبەشی ژیانی ئەوەیە دڵی بۆی لێبدات**

ڕێباز عەزیز عەلی تەمەن ٢٥ ساڵە کە هاوکاری مامۆستای پەیمانگای نابیستانە و وانە بە قۆناغی بنەڕەتی ئەو پەیمانگایە دەڵێتەوە، بە جووڵاندنەوەی هەردوو دەستی دەڵێت «زۆر دڵ خۆشە کە لەو پەیمانگایە بەو جۆرە دەتوانێ وانە بڵێتەوە، جووڵەی دەستی بە جۆرێك دەبێت کە دوو کەوانەی دروست کراوە بەدۆشاو مژە و ئەسپێ کوژە بەرامبەر یەکتری، دواتر دوورخستنەوەیان لە یەکتری و بۆ سەرەوە بردنیان و گوپ پڕ کردن و دانانی سەری پەنجەی باڵە بەرزە لەسەر دڵ، دواتر پەڕاندنی باڵابەرزە لەژێر ئەسپێ کوژە و دواتر دانانی پەنجە کۆکراوەکانی دەست لەسەر دڵ، دواتر بردنی بۆ پێش و بڵاوکردنەوەی پەنجەکان کە ناو لەپ ڕووی بکەوێتە ئاسمان، ئەوە ئاماژە کردنە بە زۆر دڵ خۆشی خۆی «ڕێباز لەو پەیمانگایە ماوەیەك حەزی لە کچێك بووە و چۆتە خوازبینی، ماڵی کچەکە رازی نەبوون کە کچەکەیان هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. لەو بارەیەوە ئەو کوڕە دەڵێت «دوای ئەوەی ویستم ژیانی هاوسەرگیری پێك بێنم، بەڵام بۆم ڕێك نەکەوت، ئینجا ماڵی باوکم هەستان بە دروستکردنی خانوو بۆیە ئێستا بە نیازی هاوسەرگیری نیم تا ماڵەوەمان خانوو تەواو دەکەن». ئەو کوڕە لەبارەی مەرجەکانی بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە هاوبەشی ژیانی بەجووڵەی دەستەکانی دەڵێت: پێویستە ئەو کەسە راستگۆ و گوێ بیست بێت و دڵیشم بۆی لێبدات بە شێوەیەك ئاماژە بە هاوبەشی ژیانی دەکات بە راگرتنی دەستی راست کە لە ناو ڕووی لەخۆت بێت و لێکخشاندنی دۆشاو مژە و ئەسپێ کوژەی دەستی چەپ لە برای تووتەی دەستی راست کە پەنجەکانی تری هەڵبراون، ئەوە مەبەستی لە هاوبەشی ژیان و لەپەنجەکردنی ئەڵقەیە بۆ راستگۆیی بەشێوەی ستوونی دەستی لەپێش دەمی دەبێت کە پەنجەکان ڕووە و ئاسمان بن و ئەسپێ کوژە چەمابێتەوە ناو لەپ و هێنانە خوارەوەی دەست بۆ خوارەوە بەرەوە پێش کە پەنجەکان ڕووەو پێشەوە بن و ئەسپێ کوژە بە تەریبی لەسەر دۆشاو مژە بخەوێت، دواتر جووڵاندنی دۆشاومژە و باڵابەرزەی هەڵبڕاوی ئاسۆیی لە پێش دەم بۆ پێشەوەو جولاندنیان بۆ سەرەوە و خوارەوە بە پێچەوانەی یەکتر».

**نابیستان خۆشەویستیان بە هاوسەرگیری کۆتایی دێت**

ئەو قوتابیانەی لە پەیمانگای هیوای نابیستان دەخوێنن، نابیستن یاخود گوێیان گرانە ناتوانن بەئاسانی گوێیان لە دەنگەکان بێت، مامۆستا پەخشان تەمەن ٥٧ ساڵە کە ماوی ٢٦ ساڵە لەو پەیمانگایە وەکو مامۆستا وانە دەڵێتەوە دەڵێت» ئێمە لێرە هەوڵدەدەین هەموویان وەکو یەك خێزان بگونجێنین و خۆشەویستی و ڕێزگرتن لەنێوان قوتابی و مامۆستاکان هەبێت». بۆ خۆشەویستی لەنێوان قوتابییەکان ئەو مامۆستایە دەڵێت «خۆشەویستی نێوان قوتابییەکان یاخود ئەو هاوکارانەی کە نابیستن ماوەکەی زۆر کورتە، چونکە ئێمە هەوڵدەدەین ئەو خۆشەویستیە بگاتە قۆناغی هاوسەرگیری کە چەندین حاڵەتی لەوجۆرە هەبووە کە ژیانی هاوسەرگیرییان بەسەرکەوتوویی پێك هێناوە».

**داواکارین نابیستان مافی درێژەپێدانی خوێندنیان هەبێت**

ئەو پەیمانگایە لە ساڵی ١٩٨١ـەوە هەیە، کە ٢٣٠ قوتابی لەخۆگرتووە لە قۆناغی یەکی سەرەتایی تا سێیەمی بنەڕەتییە و لەو پەیمانگایە هەر قوتابییەك رۆژانە هەزار دیناری پێدەدرێت بۆ خەرجی خۆی و پاسی هاتووچۆی تایبەتیشیان هەیە، هەروەها بەپێی بڕیارێکی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی ئێستا هەر قوتابییەك مانگەنە ١٥٠ هەزار وەردەگرێت، بەڵام هاوکارەکان مانگانە ١٠٠هەزار وەردەگرن، چونکە مووچەی خۆیان هەیە، نازەنین نەشئەت سەلیم بەڕێوەبەری پەیمانگای هیوایە کە ماوەی ٢١ ساڵە لەوێ کاردەکات و دەڵێت» ئەو قوتابیانەی لای ئێمە دەخوێنن هەمان ئەو مەنهەجەیە کە لە پەروەردەی گشتی بۆ هەموو قوتابخانەکان دانراوە، بەڵام ئێمە زیاتر هەوڵدەدەین وانەکان بە بەرجەستەیی بڵێینەوە، ئەو مامۆستانەی لێرەن قاموسی تایبەتیان پێدەدرێت لەسەر گوتنەوەی وانەکان و خولی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە کە شەش مانگ یان سێ مانگ لەگەڵ رێکخراوە ئەوروپییەکان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بتوانن وانەکان بڵێنەوە». ئەو بەڕێوەبەرە باس لە دوای دەرچوونی قوتابیەکان دەکات کە هەست دەکات دوای دەرچوونیان خوێندنەکەیان ئەنجامێکی باشی نابێت، لەبەر ئەوە بڕوانامەکەیان دانی پێنانرێت و ناتوانن بەشداری تاقیکردنەوەی وزاریی بکەن، بەڕێوەبەرەکە دەڵێت «جێگەی داخە کە ئەو قوتابیانەی لێرە دەخوێنن فێرە خوێندنەوە نووسین دەبن و چەندین قوتابی بەهرەمەندیان لە بواری وێنەکیشان و وەرزش و کۆمپیوتەر تێدایە، بۆیە بە ڕەوای دەزانین و مافی خۆیانە کە ئەوانە رێگەی خوێندنیان پێبدرێت و دان بە بڕوانامەکەیان بنرێت».

**بەهۆی هاندانیان لە پەیمانگای نابیستان متمانەی تەواویان بەخۆیان هەیە**


نابیستان پێویستە بەردەوام بەجۆرێك مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت کە وا هەست بکەن ئەوانیش بەشێکن لە کۆمەڵگە، بۆیە دەبێت کۆمەڵگە سوود لەوانە ببینێت. فەوزیە حەمەدەمین توێژەری کۆمەڵایەتی لە پەیمانگای نابیستان دەڵێت «ئێمە وەکو کەسێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەو نابیستانە دەکەین، بۆ نموونە ئەگەر پێویست بوو دەبێت سزا بدرێن و لەهەمان کاتیش دەستخۆشییان لێبکرێت. ئەو جۆرە مامەڵەکردنە بۆ ئەوەیە کە هەست نەکەن ئەوان کەمئەندامن و جێگەی بەزەیی پێ هاتنەوەن». ئەو توێژەرە باسی ئەوە دەکات کە بەشێك لەوانەی سەرەتا دێنە ئەو پەیمانگایە هەست بە کەمئەندامیەك دەکەن، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونیان و هاندانی بەردەوامیان و دروستکردنی ئەو کەشەی ناو پەیمانگا وایان لێدەکات پشت بەخۆیان ببستن و متمانەی تەواویان بەخۆیان هەبێت و لە کۆمەڵگە دانەبڕێن و هەوڵی فێربوونی زانست و تەکنۆلۆژیای سەردەم بن».

## ژنێک لە عەنکاوە بەحەب خۆی دەکوژێت



ژنێك لە شارۆچكەی عەنكاوە لە ڕێگەی حەب خواردن لەڕۆژی چوار شەممەی ٢٠١١/١٠/٩ كۆتایی بە ژیانی دەهێنێت. نەقیب كاروان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی هەولێر دەڵێت «لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە دەركەوت ئەو ئافرەتە نەخۆشی دەروونی هەبووە و نەخۆشیەكەی وایلێكردووە كە بۆتە هۆكاری خۆكوشتنەكەی.

## منداڵێک بەهۆی یاری کردن بە کارەبا گیان لەدەست دەدات



ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١١/١٠/٥ منداڵێك لە هەولێر بە كارەبا گیان لەدەست دەدات. نەقیب كاروان بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاند «منداڵێكی تەمەن چوار ساڵ بەناوی یادی كارزان بەهۆی دەستكاری و یاری كردن بە كارەباوە گیان لەدەستدەداو هەروەها تا ئێستا لێكۆڵینەوە لەڕووداوەكە بەردەوامە.

## لە هەولێر.. (١٩٣٢٥) ئافرەت مۆڵەتی شۆفێریان وەرگرتووە

سەردەمێك بوو بۆ ئافرەتان شتێكی سەرسوڕهێنەر بوو كە لەشەقامەكان ئۆتۆمبێل لێبخوڕێت، بەڵام ماوەی چەند ساڵێكە بەهۆی هەنگاوەكانی پێشكەوتنی كومەڵگە ئافرەتانیش شان بەشانی پیاو لە شەقەمەكان ئۆتۆمبێل لێدەخوڕن. مولازمی یەكەم هۆگر عەزیز بەرپرسی ڕاگەیاندنی هاتووچۆی هەولێر بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند كە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو (١٩٣٢٥) ئافرەت مۆڵەتی شۆفێریان وەرگرتووە، لەماوەی نۆ مانگی ساڵی ٢٠١١ دا لەسنووری پارێزگای هەولێر (٣٩٥٣) ئافرەت مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە.



## ژن و پیاوێکی عەرەب دەستگیردەکرێن

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١٠/٩ هێزەکانی پۆلیس ژن و پیاوێکی عەرەب دەستگیر دەکەن کە بەنیازی ساختە کردن بوون.

لەمبارەوە سەرچاوەیەك بە گوڵانی ڕاگەیاند کە هێزەکانی پۆلیس ژن و پیاوێکی عەرەبیان بەتۆمەتی ساختەکردن دەستگیرکردووە کە ویستوویانە سەنەدی خانوویەك تەزویر بکەن و بەدزییەوە بیفرۆشنەوە.





## کوڕێکی نەوجەوان خۆی دەکوژێت

ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١١/١٠/٥ گەنجێك لە گەڕەکی ٢٢ی پارك بەناوی شێروان لوقمان خۆی دەکوژێت.

سەرچاوەیەك لە پۆلیس بە گوڵانی ڕاگەیاند «دوای لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە دەرکەوت کە ئەو گەنجە بەم دواییە تووشی نەخۆشی دەروونی بووە کە بۆتە هۆکاری خۆ کوشتنەکەی.

## ئافرەتێک بە پەت خۆی دەخنکێنێت

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١١/١٠/٩ ئافرەتێك بە پەتەوە خۆی دەخنکێنێت.

بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە گوڵانی ڕاگەیاند: ئافرەتێك لەگەڕەکی کوێستان بەپەت خۆی خنکاندووە و هەتا ئێستا لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکە بەردەوامە و هۆکاری خۆ خنکاندنەکەی ئاشکرا نییە.






## تاوانبارێک بەتۆمەتی تەزویرکردنی پارە دەستگیردەکرێت

ڕۆژی چوارشەممە ٩/ ١٠/ ٢٠١١ هێزەکانی پۆلیس تاوانبارێك بە تۆمەتی ساختە کردنی پارە دەستگیر دەکەن.

سەرچاوەیەك لە ڕاگەیاندنی پۆلیسی گشتی هەولێر بە گۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: کە ئەو تاوانبارەی لەلایەن هێزی پۆلیسەوە دەستگیر کراوە مەبلەغی چوار ملیۆن دۆلاری ساختەی لابووە، بڕی پارەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەرداگیراوە.

ئا: دیار سالار




# تاچەند ئافرەتی بەناز گونجاوە بۆهاوسەرگیری ....؟

## پیاوێک : ئافرەتی بەناز ناتوانێت بەپێی پێویست بەئەرکەکانی ماڵەوەی هەڵسێت

***

کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان هەمیشە ئافرەتی بەنازکراو بەرهەمدەهێنن، بۆ ئەوەی لەڕەگەزی پیاو جیای بکەنەوە، نازی زۆری دەدەنێ وهیچ بەرپرسیارێتیەکی پێناسپێرن تابەئەرکەکانی خۆی هەڵسێت، لەزۆربەی کاتەکانیشدا ئافرەتانی بەناز دوای پرۆسەی هاوسەرگیری تووشی کێشە دەبێت وهەمووکات تۆمەتباردەکرێت بەوەی کە ناتوانێت بەئەرکی ماڵەوە و هەڵسێت و منداڵ بەخێو بکات . لەم بارەیەوە بەپێویستمان زانی ڕاوبۆچوونی چەند کەسانێك وەربگرین، سەبارەت بەم بابەتە و بۆئەوەی زیاتر بیوروژێنین لای خوێنەران، رەنگە ئەوانیش چەندین بۆچوونی جیاوازتریان هەبێت لەم بارەیەوە:

***



### هەڵبژاردنی کەسێك بۆ هاوسەریی

ئامانج کەریم ماوەی چوار ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت (( هەڵبژاردنی هاوسەر پێوەندی بە کەسایەتی پیاوەکەوە هەیە، بەڵام بەڕای من هیچ پیاوێك نایەوێت ژنێکی بەناز بهێنێت چونکە هەریەکێك لەئێمە حەزدەکات ژنەکەی خزمەتی منداڵ و ماڵی بکات و ئافرەتی بەنازیش ناتوانێت ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات، ئەمە بێجگەلەوەی کەئافرەتی بەناز کەسێکی شەرمنی لێدروست دەبێت و هەرگیز توانای پەرپرسیارێتی نابێت، بێگومان دایکایەتیش گەورەترین پەرپرسیارەتیە کەزەحمەتە ئافرەتێکی بەناز بتوانێت ببێت بەدایك . بەڵام سامان سلێمانی توێژەری کۆمەڵایەتی بەپێچەوانەی ڕای ئامانجەوە دەڵێت(( ئافرەتی بەنازکراو دەتوانێت ببێتە دایکێکی نموونەیی چونکە ئەو نازەی لەماڵی باوکیدا پێی بەخشراوە دەتوانێت وەك دایکێك بەمنداڵەکانی پێشکەشی بکات، ئەگەر تەماشا بکەین زۆربەی هەرە زۆری دایکە نموونەییەکان ئەو ئافرەتانەن کەلەسەردەمی کچێنیدا زۆر نازیان هەڵگیراوە)).

### گەرشوویکەم ئەوکات نازم هەڵناگیرێت

شەرمین ئەحمەد تەمەنی ٣٢ ساڵەو تاکو ئێستا ژیانی هاوسەری پێك نەهێناوەو دەڵێت « زۆرکەس هەیە کەداوای ئەوەم لێدەکات ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێك بهێنم، بەڵام حەز ناکەم ژیانی هاوسەری پێك بهێنم . چونکە لەوەتەی لەدایك بوویمە دایك و باوکم زۆر نازیان پێداوم بۆیە لەوە دەترسم گەر ژیانی هاوسەری پێکبهێنم ئەوکات پیاوەکە نەتوانێت دڵی من ڕابگرێت وەك دایك و باوکم ئەوکات دەبێتە کێشەمان و دەبێ داوای جیابوونەوە بکەم .

دواتر نازەنین ئەحمەد تەمەنی ٢٨ساڵەو ماوەی چوارمانگە دەزگیراندارەو دەڵێت « سەرەتا کە دەزگیرانەکەم هاتە داوام دایکم قسەی لەگەڵ کردو وتی کچەکەی من زۆر بەنازمان پەروەردەکردوە، دەبێت تۆش نازەکانی وەك ئێمە هەڵبگری، دەنا کچەکەی خۆمت پێنادەم . نازەنین ئەوەش دەخاتەڕوو کەئێستا دەزگیرانەکەی زیاتر لەدایك و باوکی نازی هەڵدەگرێت .

### نازپێدان بۆکچ لەلایەن دایك وباوکەوە کارێکی باش نییە

مامۆستا خەدیجە خاوەنی سێ کچی گەورەیە هەرسەبارەت بەم بابەتە وتی « هەموو دایك و باوکێك منداڵەکانی خۆیان خۆشدەوێت و حەز دەکات نازیان پێبدات، بەڵام نازپێدانیش تاڕادەیەك پێویستە بۆمنداڵ دەنا کاتێك گەورە دەبێت کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ژیانی ناتوانێت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و هەست بەبوونی خۆی بکات . مامۆستا خەدیجە پێشی وایە کە ناز بۆکچان زۆر خراپە لەلایەن دایك وباوکەوە، دەڵێت « چونکە ئەو کچە کە ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت ناتوانێت ماڵ بەڕێوەببات ئەوکاتە هاوسەرەکەی هەرشتێکی پێ بڵێت ئەم توڕە دەبێت و دەچێتەوە ماڵی باوکی، ئەمەش دەبێتە کێشەیەکی گەورە لەنێو خێزان . مامۆستا خەدیجە وتیشی : خاوەنی سێ کچم لەماڵەوە نازم داونەتێ بەڵام بەشێوەیەکی واش نا کە نەتوانن لەداهاتوو ژیانی هاوسەری پێك بهێنن .

### بەنازبوونی ئافرەت دەرگایەکە بۆ لەڕێگەلادانی

ئەیوب حەمەدەمینی دوکاندار پێی وایە کە نازهەڵگرتن هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی کەئافرەت بەرەو هەڵدێر بڕوات، دەڵێت زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کەدەکەونە داوی خۆشەویستی کوڕانەوەو بەقسەی بریقەدار فریو دەدرێن، ئەو ئافرەتانەن کە نازیان بەشێوەیەکی ڕادەبەدەر لەلایەن بنەماڵەکەیانەوە دراوەتێ .

لەکاتێکدا هەمیشە پیاوان ڕەخنە لەئافرەتی بەناز دەگرن و بەکەسانی بێکەڵك و بێسوودیان دەزانن، هەندێکیش لەئافرەتان وای بەباش دەزانن کەنابێت هیچ کاتێك ناز بدرێتە ئافرەت لەبەر ئەوەی کەمێیە بەڵکوو پێویستە نازهەڵگرتنەکەی بەشێوەیەك بێت نەبێتە هۆی شەرمن بوونی یان نەبێتە هۆی ئەوەی کەهەست بەوەبکات کەڕەگەزێکی ناسکە لەمبارەیەوە هانا فەرمانبەرە لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆئەوە دەکات کە ئافرەتی بەناز هەرگیز لەژیانی هاوسەریدا سەرکەوتوو نابێت بەڵکوو ناچار دەبێت زوو داوای جیابوونەوە بکات، دەڵێت ( ئافرەتی بەناز بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت ببێتە دایك، چونکە دایکایەتی بەرپرسیارێتیە، هیچ ئافرەتێکی بەنازیش ناتوانێت پەرپرسیارێتی بکاتە ئەستۆی خۆی ).

هەندێك ئافرەتی تر بەنازبوونیان وەك دیاردەیەکی ئاسایی دەزانن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەموو کچێك لەماڵە باوکیدا نازی زۆری هەڵدەگیرێت بەڵام دوای چوونی بۆناو پرۆسەی هاوسەرگیری زەحمەتە ئەو نازەی بمێنێت، لەمبارەیەوە هێڤی کامەران ئەوەدەخاتەڕوو ئەوکاتانەی کە کچ بووە لەماڵی باوکی بووەو زۆر نازی هەڵگیراوەو بەجۆرێك باوکی هەموو داواکارییەکانی بۆ جێبەجێ کردووە بەڵام دوای شووکردنی هیچ نازێکی نەماوەو توانیویەتی خۆشی بگونجێنێت، هێڤی دەڵێت(زۆربەی کچان لەماڵە باوکیاندا نازی زۆریان دەدرێتێ بەڵام دوای شووکردنیان لەم نازە بێبەشدەبن ئەوەی کەگرنگە بتوانن لەگەڵ ئەو ژیانە نوێیەدا خۆیان بگونجێنن).

### نازپێدانی ئافرەتان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە

سەبارەت بەوەی تاچەند هۆکاری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی بەنازبوونی ئافرەت ئارەزوو واحیدی توێژەری کۆمەڵایەتی وتی : نازهەڵگرتنی کچان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو بەرهەمی وردە کەلتووری ڕۆژهەڵاتە، ئارەزوو دەڵێت (چونکە ئافرەت لەکۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکاندا ئەوەندە هێڵی سووری بۆکێشراوە، بۆتە کەسێکی شەرمن، لەئەنجامدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە کەسێکی بەنازو لەمجۆرە مرۆڤە دروستدەبێت، چونکە هیچ کام لەبەرپرسیارێتیەکانی نادرێتێ، بۆئەوەی داوای مافەکانی نەکات، ئالەم حاڵەتەدا ئەو کەسە بۆخۆی دەبێتە کەسێکی بەنازکراو).